گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ململانێی (ئاغا و جوتیار) لە ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە) و (خاک و کێشەی مان)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا ـ خوێندنەوەیەک بەپێی بنەمای گشتێتی لوسیان گۆڵدمان

**م.ی. بارزان علی پیرۆت**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Barzan.pirot@uor.edu.krd

**پ.ی.د. هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/٢٧

پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٣

بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*Conflict, Universality, The Sociology of Novel, Goldmann, Oppression and Land, The Problem of Existence and Land.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.20

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی (ململانێی (ئاغا و جوتیار) لە ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە و خاک و کێشەی مان)ی عەزیزی مەلای ڕەش دا ـ خوێندنەوەیەک بەپێی بنەمای گشتێتی لۆسیان گۆڵدمان) ئامادەکراوە، هەوڵدراوە بە پشتبەستن بە بنەمای (گشتێتی) لە کۆمەڵناسیی ڕۆمانی لوسیان گۆڵدمان، تیشک بخرێتە سەر پێوەندی و ململانێی نێوان ئەم دوو چینە و لەم ڕێگەیەوە بەرچاوڕوونییەک سەبارەت بە تایبەتمەندییە کۆمەڵناسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و دەروازەیەکیش بۆ کۆمەڵناسیی ڕۆمانی کوردی، بخەینەڕوو. گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەمان ئەوەیە، کە ململانێی هەردوو چینی (ئاغا وەك خاوەن زەوی و جوتیار وەکو کارکەر لەم زەوییانەدا)، لەم دوو ڕۆمانەدا لە ئاستێکی قوڵدایە. ئەمەش زادەی درێژکراوەی ئەو ململانێیەی نێوان ئەم دوو چینەیە لە واقیعی کۆمەڵایەتیی ناوچە کشتوکاڵییەکانی کوردستاندا .

ئەم توێژینەوەیە، کە بە مێتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە، تێیدا سەرەتا بۆچونە کۆمەڵناسییەکانی گۆڵدمان و کۆمەڵناسیی ڕۆمان لەلای ناوبراو باسیان لێکراوە و پاشان بنەمای (گشتێتی) لە دیدی گۆڵدمانەوە

وەك پرس و بابەتێکی کۆمەڵناسیی ڕۆمان بۆ گەنگەشە و ئاشکراکردنی ململانێی ئەم دوو چینە (ئاغا و جوتیار) و کێشەکانیان، خراوەتەڕوو. دواتریش لە پراکتیککردندا، لەژێر تیشکی ڕوانینەکانی ناوبراو، ململانێی نێوان هەردوو چینی هاوپەیوەستی (ئاغا و جوتیار)، لەو دوو ڕۆمانەدا شرۆڤەکراوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، کە لە گرنگترینیان دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، لە ڕۆمانەکەدا ململانێیەکی بەرچاو لەنێوان دوو زەینیەتی باوی کۆمەڵایەتیدا هەیە، کە چینی ئاغا و جوتیارن.

## پێشەکی:

یەکێك لە ڕەگەزە دیارەکانی ڕۆمان، بریتییە لە ململانێ. بە جۆرێك ململانێ ژێدەری وزەی ژانری ڕۆمان و زاڵکردنی ئەم ژانرەشە. ڕۆمان و سروشتەکەی زۆر گونجاون بۆ گێڕانەوە و پیشاندانەوەی ئەو ململانێیانەی پرس و بابەتی گرنگ و سەرنجڕاکێشن بۆ گێڕانەوەیان لە ڕۆماندا. سەرەتای دەرکەوتن و برەوەی ڕۆمانیش لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات، کە ململانێی کۆمەڵگە و جەنجاڵی کێشە جۆربەجۆرەکان برەودەسێنن. کێشە و ململانێکانی هەردوو چینی (ئاغا و جوتیار)یش لەگەڵ سەرهەڵدان و نەشونماکردنی کشتوکاڵی و دابەشکاریی و سنوری زەوییە کشتوکاڵییەکەندا زۆرتر و ئاڵۆزکاوتر دەبن. لە نێو ڕۆمانی کوردیدا دەرکەوتنی ئەم ململانێیانە هەن و بەشێکی گێڕانەوەکانی ڕۆمانی کوردییان داگیرکردووە. هۆی ئەوەش بریتییە لەو ململانێ دژوارانەی ئەم دوو چینە لە واقیعی کۆمەڵایەتیی کوردیدا. بە جۆرێك لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم ململانێیانە هەر لە داگیرکاری و کرێی زەوییانە و چەوسانەوە جۆربەجۆرەکانی جوتیار لەلایەن ئاغا، تاکو بەریەککەوتنی خوێناوی ئەم دوو چینەش بیندراوە. ئەم ململانێیانە لە هەندێ ڕۆمانی کوردیدا بوونەتە هەوێن و بەتەواوی گێڕانەوەکانی ڕۆمانەکە بریتی بووە لە پیشاندانی ئەم ململانێیانەی ئەم دوو چینە. بە سەرنجدان لەوەی کە ڕۆمان ژانرێکی زۆر نزیکە لە واقیع، ئەم تویژینەوەیەمان هەڵبژارد، تا تیشک بخرێتە سەر پێوەندی و ململانێی نێوان ئەم دوو چینە و لەم ڕێگەیەوە بەرچاوڕوونییەک سەبارەت بە تایبەتمەندییە کۆمەڵناسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و دەروازەیەکیش بۆ کۆمەڵناسی ڕۆمانی کوردی، بخەینەڕوو.

ناونیشانی توێژینەوەکە: ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە: (ململانێی (ئاغا و جوتیار) لە ڕۆمانی (خاك و چەوسانەوە) و (خاك و کێشەی مان)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا ـ خوێندنەوەیەک بەپێی بنەمای گشتێتی لوسیان گۆڵدمان)، کە تێیدا هەنگاوێکە، ململانێی ئەم دوو چینە بەپێی بۆچوونی کۆمەڵناسیی ڕۆمانی گۆڵدمان و بەپێی بنەمای (گشتێتی)ی گۆڵدمان خراوەتەڕوو.

سنووری توێژینەوەکە: سنوری ئەم توێژینەوەیە، هەردوو ڕۆمانی (خاك و چەوسانەوە) و (خاك و کێشەی مان)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا و لە نێویشیدا تەنیا سەرنج خراوەتە سەر ململانێی هەردوو چینی ئاغا و جوتیار، نەك کۆی پرس و بابەتەکانی ئەم دوو ڕۆمانە خرابنە بەرباس.

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی پەیڕەوکراوە. بۆ ئەم کارەش پشت بە بنەما کۆمەڵناسییەکانی لوسیان گۆڵدمان بەستراوە و لەنێو بنەماکانیشدا تەنێ بنەمای (گشتێتی)ی لوسیان گۆڵدمان بەکارهاتووە. دواتریش لە بەشی پراکتیکدا، لەسەر بنەمای ڕوانگەکانی ناوبراو و تایبەتمەندییەکانی گشتێتی، شرۆڤەی ئەو ململانێیە لەناو هەردوو ڕۆماندا کراوە.

## 1ـ بەشی یەکەم

### 1. 1ـ لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەوە بۆ کۆمەڵناسیی ڕۆمان:

لە نێو ژانرە ئەدەبییەکاندا، ژانری ڕۆمان یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی زۆرترین پەیوەندییە بەیەکداچووەکانی نێوان ئەدەبیات و کۆمەڵگەی تێدا دەبیندرێتەوە. ئەمەش زۆرتر پەیوەندییە بەو ڕەگەزە جۆراوجۆرانە و گێڕانەوە زۆر و بەربڵاوانە و ململانێی نێوان کاراکتەرەکانەوە هەیە، کە لە نێو ڕۆماندا بەرجەستە دەبن و هەڵدەکەون، بەراورد بە تەواوی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب. بە مانایەکی دیکە ڕۆمان لەو ژانرە ئەدەبییانەیە کە بوار و هەڵکەوتەی ئەوەی تێدایە، کە پەیوەندییە بەیەکداچووە زۆرەکانی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە و بە پێچەوانەوەی تێدا فەراهەم دەبێت. بەمەش ڕۆمان بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبەوە زۆرتر توانای پیشاندانەوەی دیاردە بەیەکداچووەکانی نێو کۆمەڵگەیان هەیە. هەروەها ڕۆمان وردتر سیما و ژیانی کۆمەڵایەتی دەردەخات. هەر بۆیە کۆمەڵناسیی ئەدەبی لە پیشاندانی کۆمەڵناسییانەی دەقی ئەدەبیدا زیادتر ژانری ڕۆمان دەکاتە ژانری لێتوێژینەوەی کۆمەڵناسییانەی ئەدەب، چونکە ڕۆمان ((ژانرێکی ئەدەبی و دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و توێژینەوەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیۆری و جێبەجێکردنە. ڕۆمان تاقیکردنەوەی هزری مرۆڤە و تاکێتی ڕۆماننووس دروستی دەکات، بەڵام بۆ خوێنەری نێو چینە کۆمەڵایەتییەکان دەینووسێت. تەنانەت هەرلەو کاتەی کە بیر لە نووسینی ڕۆمان دەکاتەوە کۆمەڵە خەڵکانێکی خوێنەری ڕۆمانەکەی لە مێشکیدا گرتووە. ئەمەش پێویستییەکە کە خودی ژانری ڕۆمان هەمیشە دەیخوازێت)) (حافظ، 1983: 77).

هەرچی کۆمەڵناسیی ڕۆمانە لقێکی سەرەکیی کۆمەڵناسیی ئەدەبە. ئەرکی پیشاندانی کارتێکردن و کاریگەری پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە و بە تایبەتی ڕۆمان و کۆمەڵگەیە. ئەم لقەی کۆمەڵناسیی ئەدەبی بەراورد بە لقەکانی دیکەی کۆمەڵناسیی ئەدەب، مژارێك بووە زۆرترین لێکۆڵینەوە و قسەی لەبارەوە کراوە سەبارەت بە پەیوەندی ئەدەب بە کۆمەڵگەوە. ئەمەش زۆرتر لەبەرئەوەیە، کە ڕێژەی دروستبوونی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە زیادتر لە ژانری ڕۆماندا مەیسەر بووە.

ڕۆمان ژانری پیشاندانەوەی ململانێ جۆربەجۆرەکانی نێو کۆمەڵگەیە کە لە ئەنجامی قەرەباڵغی و کێشمەکێشەکانی نێو کۆمەڵگە دروست دەبێت. کەواتە دوای پەیدابوونی ئاڵەنگارییە جۆربەجۆرەکانی ئاڵۆزی شار، ئەوە ڕۆمانە دەتوانێت ڕەنگدەرەوە و پیشاندەرەوەی ئەم ئاڵۆزییە جۆربەجۆرانەی سەردەمی دروستبوونی شار و خێرا گەشەکردنی شۆڕشی ئابووری و گۆڕانکارییە خێراکانی بوارە جۆربەجۆرەکان بێت، کە ئەمەش هەبوو بێگومان دروستبوونی چینەکان دێتە ئاراوە و پاشان بەریەککەوتنی چینەکان بە خێرایی گەشەدەکەن و ململانێی نێوان چینەکان هەمدیس داینەمۆی دروستبوونی ململانێی نێو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە دەبن. هەر بۆیە ((تیۆرداڕێژ و هزرڤانانی ئەدەبیی وەك فرێدریك جەیمس و لوسیان گۆڵدمان باس لەوە دەکەن کە دابەشکردنی ڕەوتی گەشەی ڕۆمان و گۆڕانکارییەکانی ناو جیهانی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی گرێدراوی ئەو شۆڕش و گۆڕانکارییانەن کە لە ڕەوتی گەشەی ئابووری و شۆڕشی پیشەسازیی دەستمایەداری وەك شێوەیەکی بەرهەمهێنان ڕوویانداوە)) (ئەحمەدزادە، 2020: 236). ئەگەر سەرنج بدەین ئەوەی (جەیمس و گۆڵدمەن) لەمەڕ پرسی گەشەی ڕۆمان دەیڵێن ئەگەر پاسادانی سەر سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمانی کوردیشی بدەین بە ڕاست دەگەڕێت، چونکە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردیش هەر پەیوەستە بەو بەستێنە مێژووییەی، کە ململانێی نێوان چینەکان و پەیدابوونی گەشەی ئابووری لە ناوچەکە

بەخۆیەوە گرتووە. کەوابێت ململانێی نێوان کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمان ڕەنگدەرەوەی بەریەککەوتن و ململانێی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە لە بۆتەیەکی ئەدەبیدا. هەر ئەوەیە وایکردووە تیۆرداڕێژەرێکی وەك (لوسیان گۆڵدمان) گەشەی دەقی ڕۆمان لەسەر بنەمای چارەنووس و شوێنی کاراکتەرەکان دابەش بکات. تەنانەت گەشەی ڕۆمان لە دیدی گۆڵدمانەوە ((پەیوەستە بە چارەنووسی تاکبڕوایی و تاك لە سیستمی دەستمایەداری و گۆڕانەکانی ناو ئەم سیستمە. بە واتایەکی تر گۆڕان لە پێگەی تاك لە قۆناغە جیاوازەکانی دەستمایەداریدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە ڕۆمان و گرێدراوبوونی بە تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێکەوە)) (ئەحمەدزادە، 2020: 236). بەستنەوەی گەشەی ڕۆمان بە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی نێو ژیانی کۆمەڵگە سەلمێنەری پەیوەندی پتەو و چڕی نێوان کۆمەڵگە و ڕۆمانە.

لە کۆمەڵناسی ڕۆماندا لێکۆڵەری ڕۆمان مامەڵە لەگەڵ هونەرێک دەکات، کە چیرۆکێکی گێڕانەوەیی پەیوەست بە واقیعی کۆمەڵایەتییە و لە ماڵی زماندا جێگیر دەبێت و زۆربەی خەسڵەتەکانی لێوەردەگرێت. لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، ڕۆمانەکان زیاتر ئیلهامی ڕاستەوخۆیان لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە، هەرچەندە ڕۆمانەکان زۆرجار پەیوەندییان بە ساتەوەختە تایبەتەکانی مێژووی کۆمەڵگاوە هەیە، بۆیە پێویستە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا گرنگی تایبەتی بەو ساتەوەختە مێژووییانە بدەین (زارافا، 1386: 8).

بەشێکی بەرچاوی ئەرکی کۆمەڵناسیی ڕۆمان بۆ ڕۆشنکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و ڕۆمان بووە. سەرهەڵدانی ژانری ڕۆمانیش لە ئەوروپا پەیوەندی بە سەرهەڵدانی چینی بۆرژوازییەوە هەیە. لێکۆڵەران هەست بە لێکنزیکایەتییەکی نێوان ڕیالیستییەتی ڕۆمان و ڕۆحییەتی واقیعگەرێتی چینی بۆرژوازییەتەوە دەکەن، بەڵام وەك (گۆڵدمان) جەختی لێدەکاتەوە تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە پەیوەندییە وردەکانی نێوان ژانری ڕۆمان و چینی بۆرژوازییەت ڕۆشن بکاتەوە (مارکس و ئەوانی دی، 2006: 111). ئەوەی وایکردووە خوێنەر دۆزینەوەی پەیوەندییە هەمەلایەنەکان لە ڕۆمان چاوەڕێ بکات و چاوەڕێی پەیوەندییە بەیەکداچووەکانی نێوان کۆمەڵگە و ڕۆمان لە کۆمەڵناسیی ڕۆمان بکات، ئەوەیە سروشتی ڕۆمان ئەوە هەڵدەگرێت بە شوێنپێی ململانێ و کێشە و ئاڵەنگارییەکانی نێو کۆمەڵگەدا بڕوات و ئەو جەدەلانەی نێو کۆمەڵگە لە ڕۆماندا لە بۆتەی دەقی ئەدەبیدا دەربکەونەوە.

هەروەها کۆمەڵناسیی ڕۆمانیش دێت بایەخ بە پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە دەدات و دەیەوێت لە ڕێگەی ڕۆمانەوە گۆڕان و ئاریشەکانی نێو کۆمەڵگە بخاتەڕوو.

سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمان، وردتر پێویستیی سەرهەڵدانی ژانری ڕۆمان لە نێو ئەدەبدا بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. بە ڕادەیەك ((ڕۆمان هونەری واقیعە و بە قوڵی دەچێتە ناو ژیانی مرۆڤەوە بۆئەوەی بە نووسین گوزارشتی لێبکات)) (ئەلوەنی، 2017: 7). هەبوونی ئەم تایبەتمەندییەی ڕۆمان وایکردووە لێکۆڵەر تیۆرداڕێژەر و ڕەخنەگرانی ئەدەبی چاوێکی کۆمەڵناسانەی تایبەت ببڕنە سەر ژانری ڕۆمان، بە جۆرێك زۆر لە لێکۆڵەر و ڕەخنەگران و تیۆرداڕێژەران لەم پێناوەدا هەوڵەکانیان خستونەتە گەڕ، بە ڕادەیەك لە نێو زانستی کۆمەڵناسیی ئەدەبدا لقێك بۆ ڕۆمان بکەنەوە بە ناوی (کۆمەڵناسیی ڕۆمان)، کە ئەرکی پیشاندانەوەی پەیوەندییە بەناویەکداچووەکانی نێوان کۆمەڵگە و ڕۆمان دەخەنە ڕوو.

کۆمەڵناسیی ڕۆمان کار لەسەر کاریگەریی ڕۆماننوس و ڕۆمانەکانی لەسەر کۆمەڵگە و کۆمەڵگە بە هەموو چین و جەدەل و ململانێکانییەوە لەسەر ڕۆماننوس و ڕۆمان دەکات و لەم ناوەدا (دەیەوێت پەیوەندی ڕۆمان وەکو گوزارشتێکی ئیستەتیکی و پیشاندانی ئایدۆلۆژیای نێو کۆمەڵگە بە هەموو جیاوازی و ململانێکانی نێو کۆمەڵگەوە کە بەردەوام ڕوودەدەن و جۆری ململانێکان لەگەڵ قۆناغە جیاجیاکاندا چۆنایەتییان دەگۆڕێت، دیاری بکات و، ڕادەی سەرکەوتوویی ڕۆماننووس و ڕۆمانەکەی لە جارێکی دیکەی بەرهەمێنانەوەی ئەو جیاوازی و ململانێیانە و دیاردە هەمەلایەنانە و جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوونی ڕۆماننووس بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە باوەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژییت، ڕووندەکاتەوە) (فرح و عبدالجواد، 2009: 51).

ئەوەی وادەکات ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان لە ژانری ڕۆمان هەبێت و بەو ڕادەیە لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبمان نەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆمان بە ڕادەیەکی زۆر زیادتر لە ژانرەکانی دیکە ئەو تایبەتمەندییەی هەیە بەریەککەوتن و ململانێی چین و تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لە شێوەی گێڕانەوەیەکی درێژ و پڕ کاراکتەری هەمەجۆر و ڕوداوگەلێکی زۆرەوە، تێدا بگێڕدرێتەوە. ئەو توانایەی لە ڕۆماندا هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاستەی لە ڕۆماندا چاوەڕێی دەکەین بۆ ئەوەیە، ململانێی چینەکان و فرەیی لە زمان و کاراکتەر... هتد شوێنیان لە ڕۆماندا دەبێتەوە و ڕۆمان تا ئەوپەڕی دەستکراوەیە لە

پیشاندانی واقیعی ژیانی مرۆڤ و وردەکارییە هەمەجۆرەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی پەیوەندی و ململانێی نێو کاراکتەرەکان (مەنتك، 2021: 23-24). پاشان ململانێی نێوان کاراکتەرەکان بریتییە لە پیشاندانەوەی ململانێی نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لە بۆتەیەکی هونەریدا. بۆیە کێشە فۆرماڵیەکانی ڕۆمان لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن کە هەر ژیانێک، ڕەنگدانەوەی واقیعی حەتمی و ڕێژەیی و حەتمییە. ئەرکی ڕۆمان بریتییە لە پێدانی کەرەستەی گشتی و تەنیا شتگەلێکی بێ گیان لەخۆناگرێت، کە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە خۆی دەنوێنێت، بەڵکو نەریت و ڕێکخراو و خوو و داب و نەریتی جۆراوجۆریش دەگرێتەوە کە تایبەتمەندی قۆناغێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە لە بەستێنێکی مێژوویی دیاریکراودا. کۆمەڵگا تەوەری سەرەکی ڕۆمانە و پێکدێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە کارلێکی بەردەوامدا لەگەڵ سروشتی دەوروبەر، کە خۆی بناغەی چالاکیی کۆمەڵایەتی دادەنێت، لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، یان دابونەریت، کە ناوبژیوانی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێت. جیهانی ڕۆمان تەنیا خاڵی دەستپێک نییە، بەڵکو جیهانێکی زۆر بەرجەستە و ئاڵۆز و بەرفراوان و هەمەجۆرە لە ڕوداوەکان و هەمووی لەخۆدەگرێت (لوکاچ، 1391: 234).

ڕۆماننوس بە خواستی خۆی بێت یان لە دەرەوەی خواستی خۆی بێت، بزانێ یان نەزانێ لە توخمە وەرگیراوەکانی نێو ژیانی خۆی و دەوروبەرییەوە کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمان دروستدەکات. کاراکتەرەکانیش چەند ڕوپۆشێکی میقاتکراو و ئاڕاستەکراون و لە پشتی ئەوانەوە گێڕانەوەکان درێژەیان پێدەدرێ و دەگێڕدرێنەوە (بوتور، 1982: 64)، کەواتە ڕۆماننووس لە پشتی کاراکتەرەکانەوە چەرخەی ڕوداو و گێڕانەوەکان بەڕێوە دەبات و تەواوی مەبەست و ئاڕاستەگۆڕینەکانی گێڕانەوەکان لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووسدان، خودی ڕۆماننووسیش ململانێی چین و تاکەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی کاری لێدەکات و بەریەککەوتنی چین و تاکەکانی نێو کۆمەڵگەکەی دەکاتە سەنتەری ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی، چونکە ڕۆماننووس تاکێکی پێکهێنەری کۆمەڵگە و ڕۆژگاری خۆیەتی و خاوەنی گاریگەری و کارتێکراوی ئەو کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژیت. هەر بۆیە ناکرێ ڕۆماننووس وەك تاکێکی دەرەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان سەیربکەین. کەواتە تەواوی ئەو ڕوداوانەی لە نێو کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن و ڕوداوە بەردەوامەکانی نێو کۆمەڵگەکەی و بەریەککەوتن

و ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەکە بە هەموو جۆرەکانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی، ... هتد)، لە شێوەیەکی هونەریی بەرزدا و بەتایبەت لە نێو ڕۆماندا دەردەکەونەوە.

## 1.2ـ لوسیان گۆڵدمان و کۆمەڵناسیی ڕۆمان:

گۆڵدمان لە هەموو کۆمەڵناسانی دیکەی ئەدەب زیادتر لە کۆمەڵناسیی ئەدەبی وردبووەتەوە و تەواوی هەوڵەکانی خۆی بۆ ناسین و لێوردبوونەوەی کۆمەڵناسیی ئەدەبی بە گشتی و کۆمەڵناسیی ڕۆمان بەتایبەتی تەرخانکردووە. گۆڵدمان (باوەڕی وایە ئەگەرچی پرسی کۆمەڵناسیی ڕۆمان بیر و بۆچوونی لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی بەلای خۆیدا کەمەندکێش کردووە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بەتەواوی پرس و بابەتە ورد و هەستیارەکانی بواری کۆمەڵناسیی ڕۆمان کونجکۆڵ بکرێن) (اسکندری: 1394: 30).

گۆڵدمان لە کتێبی (کۆمەڵناسیی ڕۆمان)ـەکەیدا دەڵێ: (داهێنەری ئەدەبی بریتییە لە دروستکردنی جیهانێک کە پێکهاتەکەی هاوشێوەی پێکهاتەی سەرەکی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە بێت، کە بەرهەمی ئەدەبی تێیدا دروست دەبێت. ئەم دووبارەکردنەوەش هەمان ڕستەیە، کە لە کتێبی (خودای شاراوە)کەیدا نووسیویەتی. لە ڕاستیدا گۆڵدمان جۆرێک لە (بونیادگەریی پێکهاتویی) بەو ئاماژانەی، کە بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و هاوتابوونیان لەگەڵ پێکهاتەی دەقدا دەیکات، دادەمەزرێنێت) (مختاری، 1398، 287). لە هەمان کتێب (کۆمەڵناسیی ڕۆمان)ـەکەیدا دەڵێ: لێکچوونی تایبەتمەندییەکانی هەندێک بەرهەم کە لە هەمان کاتدا نووسراون، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پێکهاتە جیهانبینییەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتە فیکرییەکانیدا هەیە. کۆمەڵگایەک، کە لە یەک کاتدا ژیاوە و ئەزموونی هاوبەشی هەبووە، هاوشێوەیە، بەڵام نووسەر ئازادییەکی تەواوی لە دروستکردنی جیهانی خەیاڵی ئەم بەرهەمانە، کە زۆرجار جیاوازن لە یەکتر، هەیە. نووسەری گەورە ئەو کەسەیە سەرکەوتوو دەبێت لە دروستکردنی بەرهەمێک لە هەندێک بواردا، کە پێکهاتەی جیهانی خەیاڵیی هاوشێوەیی یان نزیکی هاوشێوەی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە بێت، کە گرووپێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خۆیدا تێیدا جێگیر بووە. کۆمەڵناسیی ڕۆمانی گۆڵدمان بۆ گەڕانە بەدوای پەیوەندی نێوان ڕۆمان و چینە کۆمەڵایەتییەکان لەو فەزایەی کە ئەم بەرهەمەیان پێکهێناوە، دروستبووە.

گۆڵدمان دەیویست پەیوەندییە بە یەکداچووەکانی نێوان کۆمەڵگە و ڕۆمان لە ڕێی ڕۆمانەوە ئاشکرا بکات، ئەمەش زیادتر لەبەرئەوەی ڕۆمان ژانری پیشاندانەوە و دەرکەوتنەوەی کێشمەکێشە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەیە. گۆڵدمەن بە گرنگییەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی ڕۆمان چاوی لێدەکات بریتییە لە شرۆڤەی دەرەکیی دەقە ئەدەبییەکان لە ڕیگەی لێکدانەوەی نێوان پێکهاتەی بەرهەمە ئەدەبییەکان و جیهانی گروپێکی کۆمەڵایەتی. ئەم کارەش پێویستی بە توێژینەوە هەیە لە بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ... هتد، نێو ئەو ژینگە و سەردەمە کۆمەڵایەتییەی کە دەقە ئەدەبییەکەی تێدا بەرهەمهاتووە.

ئەو چەمك و بنەمایانەی گۆڵدمان لەمەڕ پرسی کۆمەڵناسی ئەدەب بە گشتی و کۆمەڵناسی ڕۆمان بە تایبەتی بریتین لە بۆچوونگەلێکی ورد سەبارەت بە هەبوونی پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگە و کاریگەرییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی بەسەر خودی ئەدیب و دواجار بەسەر ئەو ڕۆمانەی کە ڕۆماننووس بەرهەمی دەهێنێت و ئەم کاریگەرییانەش لە نێو ڕۆمانەکەدا دابەش و گەردان دەبنەوە. ئەوەی جێی باسکردنە لە کۆی بنەما کۆمەڵناسییەکانی ڕۆمانی گۆڵدمان، لەم توێژینەوەیەدا تەنیا بنەمای (گشتێتی) وەرگیراوە و لە ڕێگەی ئەم بنەمایەوە خوێندنەوەیەك بۆ ململانێی نێوان هەردوو چینی (ئاغا و جوتیار) لە هەردوو ڕۆمانی ئاماژەپێکراو کراوە.

### 1. 3. بنەمای (گشتێتی (Totalite))ی لوسیان گۆڵدمان:

چەمکی گشتێتی لای گۆڵدمان ئەو چەمکە بوو هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی تەمەنی هەر پێداگری لەسەر دەکردەوە. لە هەموو بەرهەمەکانی گۆڵدماندا لەسەر گشتێتی پێداگری دەکرد و جەختی لەسەر ئەم بنەمایە وەك ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە کۆمەڵناسیی ئەدەبی جەختی لەبارەوە دەکردەوە. دەرکەوتن و باسوخواسی گشتێتی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش گۆڵدمانیش وەك چۆن خۆی لەبارەوە بۆچوونی جیاوازتری لەسەر بەکارهێنانی گشتێتی لای بیرمەندانی دیکە دەکردەوە. بۆیە گۆڵدمان پێیوایە ((گشتێتی لە فەلسەفەی مارکسیستیدا، پێچەوانەی هاوکێشە جەبرییەکانی، بە شێوەی دەرهەست دیاری ناکرێن. گشتێتی مۆدێلێکی تیۆریکی ئابستراکت و ڕواڵەتی نییە، بەڵکو ڕاستییەکی مێژوویی زیندووە. گشتێتی پرۆسەیەکی بەردەوامە و ئەو کەس یان گروپە کە دەیەوێت ئەم پرۆسە تیۆریزە بکات، توخمێکی پرۆسەکە پێکدێنێت و بەتەواوی لە پرۆسەکەدا بەشداری دەکات، لە ئاکامدا یاسایەکی سەرەکی بەرهەمدێت کە میتۆدی دیالێکتیکی بە تەواوی لە هەموو میتۆدەکان جیادەکاتەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و سوژە ناتوانێت وەك چاودێر لە دەرەوە سەیری ڕاستییەکان بکات، چونکە سوژە بۆخۆی لە ناخی ئەم پرۆسەیەدایە)) (گۆڵدمەن، 2008: 28). ئەم ڕوانگەیەی گۆڵدمان ئەوە دەردەخا کە نووسەر یان بەرهەمی ئەدەبی، لە ڕاستیدا، ڕەگەزێک نین لە دەرەوەی کۆمەڵگە، بەڵگو لەسەر بنەمای ئەو پاشخانەی کە هەیانە و ئەو ڕوانگانەی کە لایەنگری دەکەن، دێنە ناو کایەکەوە و دەبنە بەشێک لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە. گۆڵدمان بۆ هەبوون و سەلماندنی شەقڵی گشتێتی و داهێنانی ئەدەبی، پێداگری لەسەر هەبوونی پەیوەندی نێوان بەرهەمێکی ئەدەبی و گروپێکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. بە شێوەیك ئەم گشتێتییە لە هەمان ڕیزی نێوان توخمەکانی بەرهەمی ئەدەبی و خودی پێکهاتەی بەرهەمی ئەدەبیدا دەبینێت. ئەمەش شتێکی حەتمییە، چونکە هەبوونی جۆرێك لە هاودەنگی لە نێوان پێکهاتەی زەینی گروپێکی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دونیای بەرهەمی ئەدەبی پەسند دەکەین. ئەم گشتێتییەی گۆڵدمان وەك بنەمایەکی کاریگەر لەسەر پرسی پەیوەندی نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان باسی دەکات ڕاستەوانە دەیەوێت بڵێت: خوڵقێنەرانی بەرهەمی ئەدەبی، تاکەکان نین، بەڵکو چین و گروپی کۆمەڵایەتین و ئەم تاکانەش وردەپێکهێنەری ئەو گروپانەن. ڕوانگە و تێڕوانینی ئەم گروپانەش گۆڵدمان بە کۆیی و گشتێتی ناوی دەبات. بەو مانایەی ئەوە کۆی تێڕوانین و گشتێتییە ڕۆڵی لە چۆنییەتی بیرکردنەوە و تێڕوانینی خودی ئەدیبدا هەیە لەوەی چۆن و چ دەقێکی ئەدەبی بەرهەمدەهێنێت. هەر ئەمەشە وایکردووە خودی ئەدیب وەك کۆیی و گشتێتی چاولێبکەین و پێمانوانەبێت ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی دەیخوڵقێنێت زادەی خو و بیروبۆچوونە خودییەکانی خودی ئەدیب بێت. بەڵکو بەهۆی ئەوەی ئەدیب تاکێکی نێو ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانە و خودی خۆیشی تاکێکی کۆی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانەیە هەربۆیە ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی بەرهەمیشی دەهێنێت پەیام و مەبەست و ناوەڕۆك و ئامانجەکانیشی وەکو بەرهەمی کۆی کۆمەڵگە چاوی لێدەکرێت و ئەم پرۆسەیەش گۆڵدمان بە گشتێتی ناوی دەهێنێت. کەواتە ئەم بنەمایە (گشتێتی)ی گۆڵدمان لەسەر ژانرێکی ڕۆمان پاسادانی بکەین، پێویستە لەسەر بنەمای (دەقی ئەدەبی زادەی بیری گروپێکی کۆمەڵایەتییە، نەك تەنیا بیری یەك تاکەکەس (ئەدیب)، کە ڕۆمانێکی نووسیوە) چاوی لێبکەین. ئەگەر بەرهەمێکی ئەدەبی گوزارشت لە ڕەفتار و تایبەتمەندییەکانی نووسەری بەرهەمە ئەدەبییەکە بکات، ئەوا ئەمە بریتییە لەو ڕاستییە حەتمییە کە ئەو ئەدیبە گوزارشت لە شەقڵ و تایبەتمەندییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چینێکی نێو کۆمەڵگە دەکات. ئەو دید و بۆچوونانەی لە دەقێکی ئەدەبیدا وەکو دید و بۆچوونی خودی ئەدیبەکە خۆیان بۆ خوێنەر دەردەخەن، بۆ تەواوی ئەو کۆمەڵگەیە دەگەڕێتەوە کە ئەدیبەکە تێیدا دەژیت. بەم پێیە بێت ئەم خو و ڕەفتارانەی ئەدیب وەك خو و ڕەفتاری ئەدیب دەردەکەون ئەوە خو و ڕەفتاری خۆی نییە هێندەی خو و ڕەفتاری پێکهاتە کۆییەکەی کۆمەڵگەکەیەتی (تادیە، 1390: 193-194). ئەمەش دواجار بە بەهێزتر و بە گەشتر ڕەنگدانەوەی گشتێتی کۆمەڵگە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بەدەردەکەوێتەوە و ((لەسەر بنەمای ئەمەش پەیوەندییەکی تەبا لە نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکان و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت)) (عسگری، 1394: 83). ئەگەر ئەم بۆچوونەی گۆڵدمان لەسەر چۆنییەتی تێگەیشتنمان لەسەر ڕۆمانێك گەردان بکەین، ئەوەیە لەسەر بنەمای گشتێتی، گۆڵدمان پێیوایە ئەو ڕۆمانە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەیە. بەو واتایەی ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ڕەنگدەرەوەیەکی دروستی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ڕۆماننووس تێیدا لە پەیوەندییەکانیدایە. ئەمەش وایکردووە ڕوانینمان بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆمانەکان ڕوانگەیەك بێت بریتیبێت لە وابەستەکردنی ڕۆمانەکان و پەیوەندییەکانی بە مێژووەکەیەوە. بۆیە پێویستە هەموو دەقێکی ئەدەبی لە چوارچێوە و بەستێنی مێژوویی خۆیدا بیخوێنینەوە. یان بە دەربڕێنێکی دیکە، ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بریتین لە بەرجەستەکردنی زەینیەتی کۆی ئەو چین و دەستە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئاستێکی بەکۆمەڵدا، بوونی خۆیان سەلماندووە و دەسەلمێنن.

گۆڵدمان لە کتێبی (خودای نادیار)دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مەحاڵە بەبێ پشتبەستن بە دیدە کۆمەڵناسییەکانمان بۆ دەقی ئەدەبی بتوانین لە ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکان تێبگەین و پێیوایە بەهۆی ئەوەی ڕوداو و ڕوداوەکانی نێو کۆمەڵگە هەوێنی درووستکردنی دەقی ئەدەبین، ئەوا تێگەیشتنیش لە بەرهەمە ئەدەبییەکان تەنێ لە ڕێگەی توخمە پێکهێنەرەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی نووسەرەکەوە مەیسەر دەبێت (یاسین، 1991: 38). ئەمەش وایکردووە ڕۆڵی کۆمەڵگە و ڕوداوەکانی نێو کۆمەڵگە و پرس و ڕوداوە مێژووییەکان و واقیعی کۆمەڵایەتی بەستێنێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی لە هەڵبژاردن و تێڕوانینەکان لە نێو دەقی ئەدەبیدا هەبێت. دواجار ئەمە دەبێتەوە کلیلی کەشفکردن و ناسینی ئێمە بۆ بابەت و پرس ڕوداوەکانی نێو دەقی ئەدەبی. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت دەقی ئەدەبی بەگشتی و ڕۆمان هێندەی پرسێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگە داینەمۆی

ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکان، هێندە ڕوانگە تاکییەکان و دیدە خودییەکانی ڕۆماننووس هۆکار و پێکەوەمانی گێڕانەوە ئەدەبییەکان نین.

بنەمای گشتێتیی گۆڵدمان جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوە تاك نییە خوڵقێنەری بەرهەمێکی ئەدەبییە هێندەی کۆمەڵگە (وەك تێرمێکی گشتێتی)یە. گۆڵدمان لەمەڕ ئەم پرسە (خوڵقێنەرانی بەرهەمی ئەدەبی تاکەکان نین، بەڵکو چین و گروپە کۆمەڵایەتییەکانن و خودی هەر تاکێکیش دەبنەوە پەراوێزی ئەو گروپانە)، چەند سەرنجێك دەخاتەڕوو، کە بریتین لە:

1/ پەیوەندی حەتمی لە نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرهەمی ئەدەبی بە ناوەڕۆکی ئەم دوو فاکتە مرۆییەوە نەبەستراوەتەوە. بەڵکو تەنیا پێکهاتە زەینییەکان دەگرێتەوە. واتا ئەو چەمکانەی کە هاوکات وشیاری ئەزمونی گروپێکی کۆمەڵایەتی و پێکهاتە فەنتازییەکەی بەرهەمی نووسەر دەخوڵقێنن. ئەم پێکهاتانەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین و تاکی نین. لەگەڵیشیدا پەیوەندییان لەگەڵ بواری عەقڵانی و ناوەڕۆك و دیدگای وشیارانە یان ئایدۆلۆژییای ئەدیبەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییان بەو شتگەلەوە هەیە کە ئەدیب دەیانبینێت و هەستیان پێدەکات و لەگەڵیاندا لە پەیوەندی و لێکدانەوە و هەڵوێستدەربڕیندایە.

2/ هاودەنگی نێوان پێکهاتەی وشیاری گروپێکی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دنیای بەرهەمێك، کەم تا زۆر لە هەڵچووندایە و تەنانەت ڕەنگە هەندێجار جۆرێك پەیوەندی سادەش بێت، ئەم پەیوەندییە دەبێت مەیسەربێت و شێوە و کەناڵەکانی دروستبوونی پەیوەندییەکەش بدۆزرێنەوە. (گۆڵدمەن، 2008: 145).

ئەوەی لەم دوو خاڵەوە دەتوانین دەستی بخەین ئەوەیە، کە بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی زەینیەتی بە کۆمەڵی چین و گرووپە کۆمەڵایەتییە هاوبەرژەوەندی و چارەنووسەکانە و ئەو ڕەنگدانەوەیە ئەگەر زۆر زۆر سادە و لاوەکیش بێت، بەڵام هەر ڕەنگدەداتەوە.

## 2ـ بەشی دووەم

### 2ـ 1ـ کۆمەڵناسیی ڕۆمانی کوردی بەپێی بۆچوونی لوسیان گۆڵدمان:

ئەوەی لێرەوە جێی سەرنج و کارکردنی ئێمەیە، بریتییە لە دۆزینەوەی ململانێکانی نێوان هەردوو چینی (ئاغا) و (جوتیار) لە هەردوو ڕۆمانی (خاك و چەوسانەوە) و (خاك و کێشەی مان)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا. بەوەی چەندە سەرنجمان لەسەر ئەو هێڵەیە کە ڕۆمانی کوردی لەم بەستێنەدا وابەستەیە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چەندە بریتییە لە پیشاندانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و چییەتی و چۆنییەتی گەردانی کۆمەڵایەتی و وابەستەیی بە مژار و پەیوەندی و بەریەککەوتن و ململانێی چین و بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیەتی، چەندە ئەو مژار و پرس و باسە کۆمەڵایەتییانە و واقیعە کۆمەڵایەتی و وێنەی چینەکان لەم دوو ڕۆمانەدا تەوزیف بوونە، چەندە کۆمەڵگە هۆکاری دیار و بەکاریگەربووە بۆ ئەو ناوەڕۆکەی ڕۆمانەکانی سنوری توێژینەوەکە نمایندەی دەکات. یان بە مانایەکی دیکە، بۆچی ئەم دوو ڕۆمانە لەو قۆناغ و بەستێنە مێژووییەدا بریتییە لەم ناوەڕۆك و شێوە ڕۆمانە؟ هۆی هەڵبژاردنی ئەو چۆنیێتییەی ئەم دوو ڕۆمانە، چەندە پەیوەستە بەو مژار و کێشمەکێش و ململانێ و بەریەککەوتنانەی ڕۆمانی کوردی، کە لەم بەستێنەدا نەخشاندویەتی؟ یان بۆچی شێوەیەکی دیکەی زۆر جیاوازتر نەبووە؟ چی وایکردووە ئەم ڕۆمانانە لەم قۆناغەدا بریتیبێت لەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین و دەیناسین و لێیتێدەگەین؟ چەندە واقیعە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆر و هەنووکەییەکانی ئەو قۆناغە نەخشەداڕێژ و ڕێبەری ئەو ڕۆمانانەن و ڕۆماننووسە بووە؟ هەموو ئەم پرسیار و ڕوانگە یەکلانەبووەوانەی باسمانکردن لێرەوە لەژێر ڕۆشنایی و بۆچوون و بنەمای (گشتێتی)ی کۆمەڵناسیی لوسیان گۆڵدمان کە لە پێشتردا بە تیۆری خستومانەتەڕوو توێتوێیان دەکەین. ئەم بنەمایەی گۆڵدمان دەکرێتە پێوەری ڕاستەقینە و پێودانگی ململانێی چینایەتیی ئەم دوو ڕۆمانە لەم قۆناغە مێژووییەدا.

کەوابێت بنەمای گشتێتی کۆمەڵناسیی گۆڵدمان دەکەینە چەقی لێکۆڵینەوە و هەڵمالینی کۆمەڵناسیی ڕۆمان لەم دوو ڕۆمانەدا. ئەمەش وردتر و ڕاستتر دەمانگەیەنێتە پانتایی تێگەیشتن لە کۆمەڵناسیی ئەم دوو ڕۆمانە، کە ئەم ڕۆمانانە وەك نوێنەری ڕۆمانی کوردی بۆ پرسی ململانێی چینایەتیی سەیربیکەین دەشێت لەوێشەوە بیگشتێنینە سەر خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردی. تا بتوانین لەژێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆشنایی بنەمای گشتێتیی کۆمەڵناسیی گۆڵدمان وێنەیەکی ورد و ڕاستەقینەی ململانێی چینایەتی ئەم دوو ڕۆمانە پیشانبدەین.

**2.2ـ کۆمەڵناسیی ڕۆمانی کوردی بەپێی بنەمای (گشتێتی)ی گۆڵدمان:**

کۆمەڵناسیی ڕۆمانی گۆڵدمان لەخۆگری کۆمەڵێك بنەما و چەمکە. هەریەك لەم بنەمایانە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و سەربەخۆن، ئەمە بەو مانایە نییە کە بنەماکان سەر بە بوار و دونیای لەیەکجیاوازبن، بەو مانایەیە ئەم بنەمایەنە لە هەندێ ڕووەوە هێندە لە یەکترییەوە نزیك بوونەتە بەشێك لە تەواوکەریی یەکتری و هەندێجاریش هەست بە ئاوێتەیی لە نێوانیان دەکرێت. هەندێجار بۆ تێگەیشتن و ناسینمان لە بنەمایەك وا پێویست دەکات سود لە بنەمایەکی دیکەوە ببینین. لێرەدا هەوڵدەدەین بەر لە پراکتیککردنی ڕۆمانەکان بە هەر بنەمایەکی کۆمەڵناسیی ڕۆمانی گۆڵدمان بە خێرایی فلاشباکێك بۆ بەبیرهێنانەوەی بنەمای گشتێتی گۆڵدمان دەخەینەڕوو.

ئەوەی گۆڵدمان لەسەر بنەمای گشتێتیدا دەیخاتەڕوو، ئەوەیە ڕۆماننووس کوڕی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی سەردەمی خۆیەتی. ئەو ململانێ توند و سەختانەی و واقیعە کۆمەڵایەتییەی دەیبینێت پێی کاریگەر دەبێت و دواجار ئەم پێکاریگەربوونە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم واقیعە کۆمەڵایەتییە لە ڕۆمانی ڕۆمانووسدا لە بۆتەیەکی ئەدەبیدا دەربکەوێتەوە، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی سەرەداوێکی بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. گۆڵدمان ئەمە بە گشتێتی ناو دەبات بەو مانایەی ئەوە کۆی تێڕوانین و گشتێتییە ڕۆڵی لە چۆنییەتی بیرکردنەوە و تێڕوانینی خودی ئەدیبدا هەیە لەوەی چۆن و چ دەقێکی ئەدەبی بەرهەمدەهێنێت. ئەمەش وایکردووە خودی ئەدیب وەك گشتێتی سەیری بکەین و پێمانوانەبێت ئەم ڕۆمانەی بەرهەمهاتووە زادەی تێڕوانینە خودییەکانی خودی ڕۆماننووس بێت بەڵکو بەهۆی ئەوەی ڕۆماننووس تاکێکی نێو ئەو ژینگە هەربۆیە ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی بەرهەمیشی دەهێنێت دید و مەبەست و ناوەڕۆك و ئامانجەکانیشی وەك بەرهەمی کۆی کۆمەڵگە چاوی لێدەکرێت. گۆڵدمان ئەمە بە گشتێتی ناوی دەبات. بەمپێیە بێت دەقی ڕۆمانی هەر ڕۆماننووسێك هێندەی بیری کۆمەڵگەیە هێندە بیری تەنیا ڕۆماننووس نییە، لە نووسینی ڕۆمانێکدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2. 3. باردۆخی کۆمەڵایەتی:**

ئەو ڕۆمان و مێژووی گێڕدراوەی ئەو دوو ڕۆمانەی سنووری توێژینەوەکە، ڕۆمان و سەردەم و قۆناغێکە خودان و پیشاندەری باروزروف و کێشە و ململانێی کۆمەڵایەتییە. لە لایەکی دیکەوە سروشتی ژانری ڕۆمان سروشتێکە بواری پیشاندانی ململانێ و پانتایی ڕووداوەکانی زۆر بەرفراوانە و ژانری گێڕانەوەی بارودۆخەکانی نێو واقیعە. هەر ئەمەش وایکردووە ئەم ژانرە لەگەڵ دەرکەوتن و برەوی ڕێبازی ڕیالیزم سەرهەڵدەدات و دەبێتە ژانری زاڵ. ئەم قسەیە لە دونیای ئەدەبی کوردیشدا بە ڕاست دەگەڕێت، کە لەگەڵ زۆربوونی گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەکانی کوردستاندا، چیدیکە شیعر و ژانرە باوەکان توانای پیشاندانی ئەو ململانێ زۆر و گرژانەیان نامێنێت و ئیدی ژانری ڕۆمان لەم ناوەدا دێتە ئاراوە و ڕۆمانووسینش بەرەبەرە بەرەو زۆری و بەرفراوانی دەچێت. ڕۆمانیش هەڵگری ئەو شەقڵەیە ببێتە سەکۆیەك بۆ پیشاندانەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە هەنوکەییانەی ڕۆماننووس پێی کاریگەرە. دەرکەوتنەوەی ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییەش لە ڕۆمانی کوردیدا ئامادەییەکی بەهێزی هەیە و ئەو دوو ڕۆمانەی وەك بواری کار لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون دەتوانن ببنە پیشاندەری ئەو ڕاستییە و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەم و ناوچەیەی تێیدا دەرکەوتووە.

**2. 3. 1. ململانێی ئاغا (خاوەن زەوی) و جوتیار:**

زۆرینەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی ئەم قۆناغە ئەو ململانێ توند و دژوارەی نێوان ئاغا (وەك خاوەن زەوی) و جوتیار (وەك ئیشکەری ئەم زەوییان) بوونە بە ڕادەیەك ململانێ لە نێوانیاندا دروستبووە تا ئەوپەڕی گرژی و بەریەککەوتن و شەڕ و لە وەتەردانی یەکترییەوە. ئەم زەبروەشاندنانەش لە هەردوو لایەنەوە بەپێی بۆلوان و توانا و دەسەڵات و هەلومەرجەکەوە ڕوویداوە. سەرچاوەی ئەم گرژی و ململانێیانە، لەوەوە هاتوون، کە ئاغا بەهۆی دەسەڵات و سەرمایە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی و زیرەکی لە بیرکردنەوە لە داهاتووی و مۆنۆپۆلکردنی زەویی ژێر ڕکێفی جوتیار بۆ ژێر دەستی خۆی، ئەو هەڵەی بۆ ڕەخساندووە خۆی خاوەندارێتی زەوییەکانی سنوری جوگرافی خۆی (گوند یان دەشتاییەکی ناوچەیەك) بکات. دوای ئەوەی ئینگلیز لە بیستەکانی سەدەی بیستەم و

حکومەتی عێراقی و شۆڕش لە قۆناغ و ناوچە جیاوازەکان دەستیان بۆ دابەشکردنی ئەم زەوییانە بەسەر جوتیارانەوە کرد، ململانێکان بە لوتکە گەیشتن و زۆر دۆخی ناهەمواری لێکەوتەوە.

لە ڕۆمانی (خاك و چەوسانەوە)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا، کە بەرگی یەکەمی زنجیرە ڕۆمانێکی سێ بەرگییە و لە بەرگی یەکەم زۆر بە چڕی ئەو ململانێی و بەرکەوتنانەی نێوان ئاغا و جوتیار لە سنوری جوگرافی ڕۆمانەکە، کە بریتییە لە دەشتی هەولێر (قەراج و کەندێناوە) پیشاندەدات و لەبەرئەوەی خودی (عەزیزی مەلای ڕەش)ی ڕۆماننووس خۆی خەڵکی ئەم دەڤەرەیە کە لە ڕۆمانەکاندا بریتییە لە شوێنی جوگرافی و پانتایی ڕوداوەکانیش هەر هەمان دەڤەرن و خۆیشی لەدایکبووی سییەکانی سەدەی ڕابردووە، ئەم ململانێیانە لەو سەروەختەدا بە ڕژدییەوە هەبوونە و ڕۆماننووس خۆی لە نێو ئەو واقیعەدا ژیاوە، هەربۆیە (عەزیزی مەلای ڕەش) واقیعئاسا ڕوو لە ململانێکانی ئەم دوو چینە هەڵدەماڵێت. ئەم ململانێیە زۆر بە ڕەهایی دەرك دەکرێت و کۆی ڕۆمانەکە لەسەر ململانێ سەختەکەی (عەوڵا ئاغا) وەك چینی ئاغا و (عەوڵا گزگل) وەك چینی جوتیار لەوپەڕی گرژیدایە کاتێك عەوڵا ئاغا دەیەوێت ئەو زەوییەی عەوڵا گزگل بە هەر ڕێگەیەك بێت داگیری بکات و عەوڵا گزگل بەم تەرزە لەگەڵ عەوڵاغا تێهەڵدەچێت: ((ئاغا.. ئاغا: زۆر گۆتن لۆ قورعان خۆش. پێچ و پەنا و سوند و موندی ناوێ. زەوی زەوی خۆمە و چ زوڵمیشم نەکردییە و مافی جەنابتی بەسەرەوە نییە، بڕیارێکە و داومە و ئەگەر ئاسمانیشم بەسەردا بڕوخێ، پاشگەزبوونەوەم نییە. ئەوجا ئەتوو لۆخۆت کووی حسێب دەکەی بیکە)) ((مەلای ڕەش، 1998: 94). ئەم بەریەککەوتنەی ئەوان و لەسەر چ شتێك بەریەککەوتون هێڵە گشتییەکەی ململانێی نێوان ئەم دوو چینە وەکو چۆن لە واقیعدا هەبووە، پیشاندەدات. مادامەکی خۆی خاوەنی یاسایی زەوییەکانە چۆنی بیەوێت ئەوا مامەڵەی پێوە دەکات. لەلایەکی دیکەوە جوتیار خۆی بیر و چاوی کرایەوە و لەوە تێگەیشت ئەم نانەزگی و خزمەتە دژوارەی ئەم زەوییانە، کە هیچ داهاتێکی نەبوو جگە لە مەمرە مەژی، بیری لە دوو شت کردەوە، خۆی خاوەندارێتی زەوییەکان بکات، کە سەرچاوە ململانێیە و بەرەنگاریی لێدەکەوتەوە. یان گوند و دێهات بەرووی شاردا بۆ کارکردن جێبهێڵێت. ئەم تێڕوانینە نەك تەنیا لە ململانێی ئەم دوو کاراکتەرەدا بەمشێوەیە بێت، بەڵکو لە قۆناغە سەختەکانی ململانێی ئاغا و جوتیار لە ڕۆمانەکاندا لە نێو زۆرینەی کاراکتەرەکاندا ئەم ڕاستییە

بەرچاودەکەوێت و هەر ئەم هۆکارەش لای کاراکتەرەکانی دیکەشدا سەرچاوەی دروستبوونی ئەم ململانێیانەیە.

**2.3.2ـ ناهاوسەنگیی ئابووریی نێوان ئاغا و جوتیار:**

یەکێك لە مژارە سەرەکییەکانی ململانێی نێوان ئاغا و جوتیار لە بنەڕەتدا بریتییە لە ناهاوسەنگیی ئابووری نێوان ئاغا و جوتیار و ئەم ناهاوسەگنییەش لە سەرەتای پیشاندانی ململانێکان لە ڕۆمانکەدا خراوەتەڕوو. بەپێی تێڕوانینی گۆڵدمان لەبەرئەوەی ئەدیب تاکێکی پەیوەستدار و پەیوەندیدارە بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا لەژێر کاریگەرییە هەمەجۆرەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەخوڵقێنێت. ئەدەبیش دەبێتە زادە و ڕەنگدەرەوەی دیاردەکانی نێو ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانە و ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمانەش دەبێتە داڵدەدەری ئەو فکر و تێڕوانینانەی کۆمەڵگە و کۆی ئەو کۆمەڵگەیەی ئەدیب تێیدا دەژی و پێی کاریگەرە. بەمەش دەقی ئەدەبی هێندەی ڕەنگدەرەوەی کۆمەڵگە بە گشتییە هێندە ڕەنگدەرەوەی خو و تێڕوانینە خودییەکانی خودی ئەدیب نابێت. بۆ نمونە ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش) و ئەو تەرزە بابەتەی بەشێکی زۆری ڕۆمانەکانی خستووەتە خزمەتی بەرباسکردنی (کێشەی جوتیار و خاوەن زەوی لە ناوچەی دەشتی هەولێر)، وێڕای ئەوەی ئێمەی خوێنەر دەنگی ڕۆماننوس لەمەڕ ئەم پرسە دەبینین، بەڵام خودی (عەزیزی مەلای ڕەش) تەواوی ئەو دیدەی کە لە نێو ڕۆمانەکانیدا خستوویەتەڕوو بریتییە لە کۆی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی و تێڕوانینەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە کاتێکی دیاریکراودا. بەو مانایەی ئەوە (عەزیزی مەلای ڕەش)ە لە چاوی ئێمەیەوە بۆچوونەکانی لەمەڕ پرسی کێشەی زەوی و زار و چەوساندنەوەکانی جوتیاران بە دەستی خاوەن زەوییەوە دەبینێت. پێشوازیکردنی وەرگر لەم تەرزە ڕۆمانە بە مانای هەمان تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی لەو کات و ناوچەیەدا دەگەیەنێت و ڕۆماننووس گوێزەرەوەی هەمان ئایدیای کۆمەڵگەی کوردییە لە تێگەیشتن و بۆتەیەکی واقیعییەوە بۆ تێگەیشتن و بۆتەیەکی ئەدەبی.

لە ڕۆمانی (خاك و چەوسانەوە)دا، بە گشتی ڕۆماننووس باس لەو چەرمەسەری و بێدادییەی جوتیارانی دەشتی هەولێر بەدەردی نەداری و نانەزگی دەستی ئاغا دەکات. ئەو ململانێ و نادادییەش پیشاندەدات، کە ئاغا و سیستەمەکەی بەسەر جوتیارانیدا هێناوە. پاشان ئەو هەلومەرجە باشەی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگەی سیاسەتی ئینگلیزەکان لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لەمەڕ دابەشکاری زەوی بەسەر تەواوی جوتیارانی ناوچەکە و لەژێرچنگ دەرهێنانی ئەم زەوییانە ئاغا و دەسەڵاتەکەی. ئەم دابەشکارییەی ئینگلیزەکان جارێکی دیکە ململانێکانی ئەم دوو چینە قوڵتر دەکاتەوە، چونکە دوای دابەشکارییەکەی ئینگلیزەکانیش بە هۆی زمانلوسی و تەکنیکی براگەورەیی و دەسەڵات و پاڵپشتی دینی و ساویلکەیی زۆریەی جوتیاران و فێڵەکانی ئاغا جارێکی دیکە بە سیفەتی ئاغایەتی دەسەڵاتی خۆی بە واژۆ و مۆری یاسایی و بەخشینی زەوی جوتیارەکانی گوندەکە بە ئاغا جارێکی دیکە ئاغا دەبێتەوە خاوەنی زەوییەکانی گوندەکە بە پاڵپشتییەکی یاسایی و فەرمی. لەوێوە ململانێکان دروست دەبن، کە تەنیا یەك جوتیار (عەوڵا گزگل) ئامادەنییە لە زەوییەکانی خۆی بۆ ئاغا خۆشبێت و خودی ئینگلیزەکانیش (لایین)ی کاربەدەستی دابەشکردنەوەی زەوییەکانی ناوچەکە، ئەو زەنگە مەترسدارەیان بۆلێدەدات کە هیچ پێویست نییە دووبارە زەوییەکانیان بە ئاغا بدەنەوە و ڕۆژێك دێت ئاغا سوك و سانا مافەکانی جوتیارەکان لەسەر زەوییەکانی تەواوی ناوچەکە و جوتیاران لە کارکردنیان لەسەر زەوییەکان زەوت دەکات، کە دواجار ئەمە دێتەدی و تەواوی جوتیاران لەسەر زەوییەکان دەردەکات.

ڕۆماننووس لە سەرەتاوە دەیەوێت ئەو نەدارییە هەراسانکەرەی دوچاری جوتیاران هاتووە بخاتەڕوو تا لەوێوە ڕوداوەکان لەپاڵ ململانێکان دەستپێبکەن ((دەردەبرسێتی بۆ ساڵی گرانیی پەلکێشی کرد: زەلام لەبرسان زەلامی دەخوارد. بە هەزاران کرمانج گیانیان سپارد. ئاغا و هەولێری و دیان و جووە دەوڵەمەندەکان، هەر دەستەیان، دەستی بار و بوویان بۆ چینی خۆیان درێژکرد و نەیانهێشت لەبرسان بمرن. ئەوانەی یارمەتی نەدەدران و پشتگوێخرابوون کرمانج بوون. منداڵ و کچی جاحێل بەجەمە ئاردێك دەفرۆشران)) (مەلای ڕەش، 1998: 9). ئەمەش ناهەمواری و نەداریی جوتیاران پیشاندەدات و لەگەڵیشیدا ئاماژە بە گرانییەك دەکات تەنێ چۆکی بە جوتیار داداوە و چینەکانی دیکە لەم نەهامەتییە پارێزراوبوونە. لەبەرانبەردا ئاغا بەپێچەوانەوە خاوەنی ماڵ و موڵك و خۆراکێکی زۆرە و لە دونیای ڕەفاهییەت و زەنگینی خۆیدایە و کەمتر هەست بەو نەدارییەی کرمانج دەکات و لەوێوە ئەو جیاوازییە گەورەیە ئاغا و جوتیار دەباتە سەر دوو دونیای لێکجیاواز و دوو بەرەی لێکدوورەوە ((حەوشە و حەساری دیوەخانی ئاغا نزیکەی (3000مەتر دووجا) زەوی گرتبوو. پێشەوەی حەوشە ڕووە و کوێستان لەناوەندی قەمتەری دوو دەری گەورە و تایبەت لە دارگوێز مکووم دروست کرابوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لای دەرەوە بە بەرمیل و بزماری سەرپانی جەنجەری جوان نەخشێندرابوو. ژوورەوەی بە شمشێرە و کلیلی داری سێ پشکەیی دادەخرا. داڵانێکی گەورەبوو لەملاو لەولا دەرگای تەویلەی وڵاخانی دەهاتەوەسەر ... حەوشەیەکی فراوان و خاوێنی وا ڕۆنی لێ ڕۆکرابووایە پیس نەدەبوو. دەستەچەپ ئاودەستخانە و سەرشۆرك، دەستەڕاست ناندێن. باشووری حەوشەکە، لە دیواری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، سەکۆیەکی بەرزی باڵێك، بە چەند پەییژە سەردەکەوتیت. بەلای خۆرهەڵاتەوە ژووری پیاوان و خۆرئاوا ژووری ماڵەوە. ئەمەیان بریتی بوو لە سێ چاوە. ناوەند بۆ دانیشتنی هاوینان. لەمسەر بۆ ئەوسەر ، تاغچەیەك گەچی نەخشاوی قەشەنگ. سەرتاسەری بە فەخفووریی ڕەنگاوڕەنگ و لەنگەری و لگەنی سفر ڕازابووەوە. دوو سندووقی نەخش و نیگارجوان. سێ بەستەکە نوێنیان لەسەر. هەریەکەیان بە چوار شەوێکی کەشکۆڵی ڕەنگ لەیەکتر جوودا چێچرابوو. دیوی دەستەڕاست بۆ دانیشتنی زستان و دەستەچەپ بۆ کەلوپەل و زەخیرە)) (مەلای ڕەش، 1998: 25-26). ئەمەش ژیانی پڕ ڕەفاهییەت و دەسەڵاتی دارایی و ماڵ و میوانی دەردەخات و لە هیچ گۆشەیەکی ئەم وەسفەی ڕۆماننووسەوە هەست بە هیچ نەدارییەك و ناهەمووارییەکی ژیان و ئابووریی ماڵی ئاغا دەرناکەێت، بەپێچەوانەوە وەك چۆن لە وەسفی ژیانی کرمانج چ مەینەتی و ناهەمووارییەك دەرك دەکرێت. دواجار ئەم جیاوازییەی ئەم دوو چینە ئەو بارە دەروونییە ڕێخۆشکەر دەکات بۆ جۆرێك لە خۆبەراوردکردن لەگەڵ یەکتری و لە هەردوو سەرەوە و دواجار ئەمە دەبێتە هەوێنی دروستبوونی خۆبەراوردکردن و ململانێ. لەم ڕۆمانەدا ئەمە ڕوویداوە و لەوێوە ململانێی ئەم دوو چینە سەرهەڵدەدات و تا کۆتایی ڕۆمانەکە درێژەی دەبێت.

ئەو سەروەختەی دەنگۆی دابەشکردنی زەویی گوندەکان بەسەر جوتیارانی گونددا بڵاوبوویەوە، و (مستەر لایین) گوند بە گوند دەگەڕێت و هەر جوتیارەك چەندە زەوی گوندی لەبەردەستدابێت و کشتوکاڵی لەسەر زەوی ئاغادا بکات هێندە زەوییەی پێدەدرێت و لەسەریشی تاپۆ دەکرێت بە بەڵگەی حکومەتی ئینگلیز لە ناوچەکەدا. هەرزوو ئاغا بەهۆی دەرودەستەی دیوەخانی کەوتەخۆی تا ئەو بۆچوونە لە زەینی جوتیارانی گونددا جێگیربکات، کە هەر ئاغا براگەورەی گوندە و هەمووان زەوییەکانی خۆیان ڕەتبکەنەوە یان بە ئاغای ببەخشنەوە هەر زوو لە دیوەخانی ئاغا میواندارییەکی زۆر تایبەتی خەڵکی گوندی کرد هەندێك لە خەڵکی گوندیش زۆر بە باشی پێشوازییان لە بڕیارەکەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئینگلیز و (مستەر لایین) کرد و هەندێ لە خەڵکی گوندیش دوودڵی ئەوە بوون، ئایا کە (لایین) بێت سەرتاپای زەوییەکانی دەداتەوە ئاغا یان وەك خۆیان دەڵێن لە بەرەجۆتەك زیاتری ناداتێ؟

**2ـ 3ـ 3. دابەشکردنی زەوییەکانی ناوچەکە بەسەر جوتیارەکان و زەوتکردنی لە ئاغا:**

ئەم کارەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئینگلیز و کاربەدەستانی، گورزێکی کوشندەبوو بەر ئاغا کەوت و زۆرینەی زەوی و موڵك و ڕەفاهییەتەکەی مەترسی لێنزیکبووەوە. ئەوکاتەی (لایین) گەیشتە گوند، ئاغا فەرمووی دیوەخانی خۆی لێکرد  خەڵکی گوندیشی لە دیوەخان پێشوازی کرد. هەر (لایین) وتارێکی کورتی بۆ دان، کە وتارەکەی نەك لەبەرژەوەندی ئاغا نەبوو، بگرە زۆریش دژی بەرژەوەندی و فێڵەکانی ئاغاش بوو، (لایین) گوتی: ((برا جوتیارەکان من بۆئەوە هاتوومە هەرچی زەوی و زاری ئەمرۆ، لەبەردەستاندایە بیکەمە موڵکی هەتا هەتایەتان. ڕاستە بۆ هەڵسوڕانی کاروباری ڕۆژانە هەر چینێك، عەشیرەتێك، دەبێ براگەورە و دەمڕاستی خۆیان هەبێت، بەڵام من هەرگیز لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم، کە زەوی خۆتان بدەنە براگەورەی خۆتان، کە عەوڵائاغایە. نەخێر من لەگەڵ ئەو لایەنەدا نیم. دواڕۆژ، کە زەوییەکانتان بوون بە موڵکی ئەو لێتان بێمنەت دەبێت و هەر کاتێك پێویستی بە زەوییەکان بێت دەتوانێت لەژێر دەستان دەرهێنێت. کە هیچ هەست و خوستی نەبوو: ئەوەی ڕاستی بوو: وا پێم گۆتن. ئەوجا کەیفی خۆشتانە)) (مەلای ڕەش، 1998: 88). هەر زوو (لایین) لەوە تێگەیشت هیچ پێویست نییە زەوییەکانیان بە ئاغا بدەن و ئاغا جگە لە براگەورە بیکەنە خاوەنی زەوییەکانیشیان. ئەم تێگەیشتنەی ڕۆماننووس لەسەر زمانی (لایین)ەوە بریتییە لە کۆی تێڕوانین و بۆچوونی کۆی کۆمەڵگەش، لەو سەروەختەی خەڵکی بەرەبەرە نەهج و تێڕوانین و مۆنۆپۆلی و دەسەڵاتداریی ئاغایان لەلا ڕوون بووەوە. بۆیە ئەم دیدەی ڕۆماننووس دواجار لە هەناوی کۆی کۆمەڵگە سەرچاوەی گرتووە. کەوابێت ئەم دیدەی ڕۆماننووس تەنێ دیدی تاقانەی خۆی نییە هێندەی بریتییە لە کۆی دید و تێڕوانینی کۆی کۆمەڵگەی کوردی و دواجار ئەم تێڕوانینەی ڕۆماننووس، کە لە ڕۆمانەکەدا دەرکەوتووەتەوە بریتییە لە کۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە و ئەم بۆچوونەش یەکڕاست دەگەڕێت لەگەڵ ئەو بنەما کۆمەڵناسییەی ڕۆمان، کە گۆڵدمان باسی دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای ئەوەی (لایین) بە ڕوونی ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە، کەچی سەرجەم جوتیارەکان جگە لە (عەوڵا گزگل) تەواوی ئەو زەوییانەی پێیانبڕابوو بەخشییانە ئاغا. (لایین) بەمە نارەحەت بوو و جارێکی دیکە ئاگاداری کردن و لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆ، کە هەر کاتێك ئاغا ئیشی بە ئێوە نەما لەسەر زەوییەکان دەرتان دەکات و (لایین) پێیگووتن:

((ـ دوارۆژ هەڵی دەگرنەوە عەوڵاغا بەخۆی دەرتان نەکات کوڕی، کوڕی نا... ، کوڕی کوڕی دەرتان دەکات.

ـ ئاغا لەبەرئەوە، ئەو هەمووە زەوییەی ئاوایی، بەتەنێ پێ عەمەل نایێ هەردەم حەوجەی بەمە دەبێ و ناتوانێ دەرمان بکا.

ـ تا ئەو ڕۆژەی من دەڵێم: مەکینە پەیدادەبێت و یەك جووت دەکات و یەکیش دروێنە، ئەوسا دەتوانێت، بەتەنیا هەموو زەوییەکانی بەکاربهێنێت و لەچەند کەسان بەولاوە پێویستی بە کەسی دی نامێنێت.

لێکڕا عەنتیکەیان پێهات لە حریتەیەکی حێلیاندا. هێندێکیان بە دەنگی بەرزەوە:

ـ ئۆیـ .. ی ئەو درۆیە گەورەیەی خودایە!

دەمێك بە قسەکانیان شین بووەوە و زانی پلەی زانیارییان لەمەی گوتیان تێپەڕناکات.

بەسەر لەراندنەوە:

ـ دوارۆژ دەردەکەوێت، ئەوکات پەنجەگەستن دادنادات)) (مەلای ڕەش، 1998: 199). لێرە بەدواوە پەیوەندیی (لایین) جگە لە ئامۆژگارییەکەی دواجار جوتیارەکان تا کۆتایی ڕۆمانەکەی هەر پەنجەی پەشیمانیان بۆی دەگەست وەك کاراکتەرێکی دیاری ڕۆمانەکە لە گێڕانەوە و درێژەی ڕۆمانەکە دادەبڕێت و هەمان ئەو بابەتەی (لایین) دەیگوت و جەختی لەسەردەکردەوە هەرزوو لەگەڵ پەیدابوونی ئامێری جووتکردن و دروێنە ڕێك ئەوەی لایین باسی کرد وەکخۆی هاتە دی و عەوڵاغا زۆر بە شێنەیی بە بیانوویێکی زۆر سادە داوای لێکردن لە زەوییەکان بڕۆنەدەرێ و پێیگوتن: ((خزمەکان بەخۆتان لەمن باشتر دەزانن، وێڕای ئەوە: خاوەن دیوەخان و میوانێکی زۆرم و ڕۆژبەڕۆژ مەسرەفم زێدە دەبێت، وا تەرەکتەر و دەڕاسەشم کڕینە و زۆر قەردارم. ئەوجا بە تاپۆی جەنابیتان و ترەفەلاحەتییەکەی خۆم نە لۆم دەردەینی، نە قەردەکەشم پێدەدرێتەوە. لەبن زمانی حاڵیبوون و کزە لە دەروونیانەوە هەستا)) (مەلای ڕەش، 1998: 197). لێرەوە ململانێی نێوان ئاغا و جوتیارەکان بە

لوتکە گەیشت و جوتیارەکان جگە لە سەپانی پووش شتێکی دیکەیان بۆ نەمایەوە و تەواوی جوتیارەکان بوونە قوربانی داهێنراوی تراکتۆر و دەڕاسە، کە دەیانتوانی جێگەی هەموو جوتیارەکان بۆ ئاغا بگرنەوە. ئەو ترس و پێشبینییەی مستەر لایین هەر لە سەرەتای دابەشکردنی زەوییەکانەوە دەرکی بەم مەترسییە کردبوو.

ئەو کاتەی (عەولا گزگل) ئامادە نەبوو لە زەوییەکانی خۆی بۆ عەوڵاغا خۆشبێت، عەوڵاغا بە هەموو کلۆجێك دوژمنایەتی دەکرد و دەیبوغزاند. بە ڕادەیەك بۆ چەند ساڵێك نەیهێشت هیچ سودێك لەو زەوییانە ببینێت کە عەولا گزگل خۆی دایدەچاند. بە ڕادەیەك تەنگی بە گوزەرانی عەولا گزگل هەڵچنیبوو کە کاریگەریی نەرێیی لەسەر ژیانی هەرە سادەی خێزانی عەولا گزگل دروستکردبوو. بە ڕادەیەك لەسەر زمانی عەولا گزگلەوە بەم شێوەیە وەسفی دڵڕەقی و خراپیی عەوڵاغا دەکرێت: ((ئەو گاوری لە گاوربابە کوو بوویتە قاندرمان و نایێلی نانێکی بەرەحەت بخۆین. دەیەویٚ بە جارێك لەبنەمان بێنیٚ. وا لە بنیشی هێنانین. دوو جۆخینە نەیهێشت قلە دەغڵێکمان پێوەبووسیٚ. جۆخینی یەکەم و دووەمیان هەڵگرت، لە سێیەمدا هەر کە دەستیان لە کێشە بەربوو، لە ناکاو شەوێك، سەرلەئێوارە، ئاگر لە خەرمانە گەنمەکەیان بەربوو .. و جۆیەکەش لە تەکییەوە دایگرت و بە چاوقوچێنێك کل و کۆیان دامرکاوە)) (مەلای ڕەش، 1998: 162). ئەم کارە (خەرمانسووتاندن) دیاردەیەکی زۆر ناشیرین و بێبەرانبەریی نێو ململانێی خەڵکی جوتیار بووە لە زۆرینەی ناوچە کشتوکاڵییەکانی کوردستان. ئەم دیاردەیە کەمکەس هەیە نەیدیبێت یان نەیبیستبێت. زۆرکات جوتیارەکان لەکاتی دروستبوونی گرژیی لە نێوانیاندا ویستویانە لەم ڕێگەیەوە تۆڵەی خۆیان لە بەرانبەریان بکەنەوە. ئەم دیاردەیە وێڕای ئەوەی لای تاکی کوردی زۆر بە کارێکی نادروست و ناڕەوا دادەنرێت و بە تاوانێکی گەورە دژی خاوەن خەرمان دادەنرێت  زۆرجار ئەم کارە کارەساتی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە. مادامەکی ئەم دیاردەیە لای خەڵکی بە کارێکی ناڕەوا دادەنرێت و ئەم تێڕوانینە دواجار شێوە تێڕوانینێکی گشتیی وەردەگرێت. دەرکەوتنەوەی لە ڕۆمانەکەدا یەکانگیرە لەگەڵ بنەمای گشتێتیی گۆڵدمانەوە. بەو مانایەی ئەوە تەنیٚ تێڕوانینێکی خودییانەی ڕۆمانووس نییە ، هێندەی تێڕوانینێکی کۆی تێکڕای کۆمەڵگەیە. ((جۆخین سووتان بە کارێکی سووك و نامەردانەی سەردەم لە قەڵەم دەدرا و ئەوەی خۆی کەمێك بە پیاو دانابووایە، هەرگیز دەستی نەدەچوویٚ. گزگلی هەڵخەڵەتاند: (ڕەنگە پرۆشکەی ئاگری خۆمان بیٚ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی دووەم، ڕوویداوە، لێوی خۆی گەست و بنەبانێی هاتە بەرچاو و سەرکۆنەی نەفامی خۆی کرد)) (مەلای ڕەش، 1998: 162). دەسەڵاتی دەرەبەگەیاتی سروشتی وابووە، نەك هەر مافی ژیان بە خەڵکی و جوتیاران و خەڵکی ئاسایی نابینێت، بەڵکو بە درێژایی مێژوو ئەم دەسەڵاتە بەردەوام ڕێگر و بەربەستێکی دژوار بووە تاکو جگە لە خۆی و دەستوپێوەندەکانی خۆی کەسی دیکە مافی هەبوونی ژیانێکی ئاسایی نەبێت. هەر بۆیە خۆی لە ئیشوکار و هەر شتێکی خەڵکەی هەڵدەقورتێنێت و ئەو مافە بەخۆی دەدات خۆی جۆری ژیانی چینەکانی خوارەوەی دیاری بکات. تەنانەت خۆی لە بابەت تایبەتییەکانی ژن و ژنخوازی و گواستنەوەی شوێنژینی جوتیاران لە گوندەوە بۆ شار و کۆچ و کۆچبارییش هەڵدەقورتێنێت. سەرباری ئەمە (عەوڵا گزگل) بە هیچ شێوەیەك ئامادەیی ئەوەی نییە خۆی تەسلیمی ئەو زەبروزەنگ و تینهێنانەی (عەولاغا) بکات و زۆر بە پشوودرێژییەوە ڕووبەڕووی سەرجەم دەستدرێژییەکانی ئاغا دەبێتەوە. هۆی ئەم سوربوونەشی پەیوەندی بەو سروشتەی تاکی کوردەوە هەیە، کە بە هیچ کلۆجێك نایەوێت چۆك بۆ زاڵم دابدات. ئەمەش زیاتر ئەو ململانێ چڕەی نێوان عەولاغا وەك چینی ئاغا و عەوڵا گزگل وەك چینی جوتیار پیشاندەدات.

ئەم ململانێیە زۆر زیاتر دەبێت و تاکو بەلوتکەکردنی ململانێ دێتە ئاراوە و شۆڕش و ڕاپەڕینی پەنگخواردوی جوتیار دژی ئاغا دەستپێدەکات و جوتیاران لە دژی زۆرداری و زاڵمێتی ئاغا یەکدەگرن بۆ تێکشاندنی ئەو سیستەمە هەڕەمەکییەی ئاغا سەردار و خاوەن زەوی و براگەورەیی و بە پێچەوانەوە جوتیار ژێردەستە و بێ زەوی و برابچووکیی ئاغا و پێوەندەکانی.

### 2ـ 3ـ 4ـ ڕاپەڕینی جوتیارەکان دژی ئاغا:

دوای بەلوتکەکردنی ململانێی نێوان ئاغا و جوتیارەکان و مایەپوچیی جوتیارەکان و دەرکردنیان لەسەر زەوییەکان لەلایەن ئاغاوە. لە مابەینی نێوان چینی جوتیار و ئاغادا ململانێکان بە لوتکە دەگەن و شۆڕشی جوتیاران دژی ئاغاکان سەرهەڵدەدات و کۆی جوتیاران لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕووبەڕووی ئاغاکان دەبنەوە و ئەو سام و ترس و هەیبەتە لە ئاغا دەشکێت و سەرەتای کۆتایی دەسەڵاتی ئاغایەتی دەستپێدەکات:

((جوقە دەرکردنی جموجۆڵی ڕاپەڕینێکی گەرم و گوڕی سیاسیی چنگ قژکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی زوڵم و ستەمی، لە ڕادەبەدەر، لەنێو جەرگەی چینی ڕەش و ڕووت و نەدار و بێ سەواد و حاڵینەبووی

کۆڕی ژیان، بۆ یەکەمجار هانی دووانی جەماعەتێکی سەرگەرمی دەوری مێزێکی ڕازاوەی خواردنەوەدا: چیان لە پەڕەکەی دڵیان دابوو لەم ڕووەوە، بێ پەردەی باکەوە بەگۆڕپێی وەربکەن:
ـ کرمانج هەرچی بکەن حەقی خۆیانە)). (مەلای ڕەش، 1998: 225).
ئەوەی لەم دەربڕینەدا دەردەکەوێت پیشاندانی هاوهەڵوێستی جوتیاران لە دژی ئاغایە. ئەمەش هەم بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوە و هەمیش وەرگرتنەوەی مافی ساڵەهای ڕابردووە، کە لە ژێر جەور و ستەم و دەسەڵات و فێڵکردنەوە ئاغا لە جوتیاری کردبوو.
هەروەها لە ڕۆمانی (خاك و کێشەی مان)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا، هەمان ململانێی نێوان ئاغا و جوتیار هەیە و لەوێشدا هەمدیسان ململانێکە بریتییە لە داگیرکاریی و جەور و ستەمی ئاغا بەرانبەر جوتیار. ئەو کاتەی (حاجی ئاغا) دەیەوێت ئەو زەوییە کشتوکاڵییەی (کەریمە کۆر) داگیربکات، کە پێشتر دەوڵەت پێیدابوو، بریتییە لە چەقی ململانێی و ڕووبەڕووبوونەوەی چینی جوتیار بەرانبەر داگیرکاریی ئاغا. ((حاجی ئاغا یەکەم کاری کەریمە کۆری بە ناوی ئاژاوەچی بە گرتندا و تەرەکتەری بردە سەر زەوییەی، کە ئیسڵاحی زراعی پێی بەخشیبوو.
خەڵکی ئاوایی بە مردنی خۆیان دەهاتنە بەرێ نەك بەم کارە ناڕەوایە لەبەر ئەوە غەنیمەکانیان گوێیان تەواو قیت کردبووەوە و خۆشیان لای کاربەدەستان ڕەزاگران دەیانزانی دەرەقەتیان نایەن، دڵیشیان بەروەستی نەدەدا قڕوقەپی لێبکەن و لاگر بووەستن. لەنێوان چاڵان و ماڵانی وێران و نەوێراندا حەیرمابوون. تا ئافرەتەکانیان قیت بوونەوە و: (ئەگەر سەگ نەبین گورگ دەمانخوا: پیاوەکانمان زەندەقیان لە حەپسخانە چووە ئەمە لۆ). فاتێی عەوڵاڕووتە خواخوای ئەو ڕۆژە بوو. بە مەراقەوە بووە پێشڕەویان و پڕ بە زار دەینەڕاند: (مست لە درێشە دەگەڕێتەوە). بە پێمەڕە و خاکەناس و خوترەوە چوونە گژ تەرەکتەرەکە و وەرگەڕانە تایە و تەگەرەکانی)) (مەلای ڕەش، 1999: 13-14).
ئەم هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە گشتگیرییەی خەڵکی گوند دژی حاجی ئاغا بەسە بۆئەوەی پەیامی کرداریی جوتیارانی پێبگات و لەمەودوا دەسەڵاتی هێز دەکەنە یەکلاکەرەوەی کێشمەکێش و ئەو زوڵمەی ئاغا ساڵەهایە لە دژیان دەیکات هەربۆیە ((حاجی ئاغا لەو ڕۆژەوە ببڕای ببڕ تخوونی زەوی جوتیارەکان نەکەوتەوە)) (مەلای ڕەش، 1999: 14). ئەم هەڵوێستە گشتی و کۆییەی جوتیاران لە دید

و زەینی ڕۆماننووسەوە پیشاندانی واقیعێکی کۆمەڵایەتییە لە بۆتەیەکی گێڕانەوەیی ئەدەبییدا. دواجار ئەم گێڕانەوە ئەدەبییە پیشاندەری تێگەیشتنێکی کۆییە بۆ ئەم هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە.

جوتیارە دڵ پڕ لەقینەکان هەر بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاغا نەوەستان و ئەوەی زەن کرد بە تەواوەی لە گوندی دەربکەن و تاهەتایە چاویان پێی نەکەوێتەوە و بەجارێك بنەبڕی ئەم ململانێی و زەبروزەنگییەی ئاغا بکەن و لەخۆیانی دووربخەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە زۆرینەی جوتیارانی گوندەکە تاووتوێی ئەم پرسەیانکرد تا لە ناوچەکەی دووربخەنەوە و بە گوڕوتینەوە دروشمی توند و بەکاریگەر و زبریان لەمەڕ دەسەڵاتی ئاغا دەگوتەوە:

((ـ بابمرێ دەرەبەگەکان.

ـ بابمرێ دەست و پێوەند و کلکی ئیستیعمار.

ـ با بڕوخێ کۆشکی زوڵم و زۆرداران.

ـ ئەو شەیتانە تا لە ئاواییدا بمێنێ ئەمە خێر و خۆشی لە خۆمان نابینین.

ـ گۆتنی ناوێ.

ـ ئاگری بنکاییە و سبەی هەر سەرهەڵدەداتەوە.

ـ یاڵڵا لۆ دەرەوە دەرەبەگی زۆردار.

ـ دەبێ لەورۆ زوتر نییە بڕوا)) (مەلای ڕەش، 1999: 20).

ئەم دەربڕین و گفتوگۆیە دەرخەری پیشاندانی باری ناهەموار و ئەو ڕاسانە گەورەیەی جوتیارانە دژی ئەو زوڵم و زۆردارییە بێشومارەی دەمێك ساڵ بوو خاوەن زەوی بەسەر چینی جوتیارانیدا هێنابوو. ئەم گێڕانەوەیە و پیشاندانی ئەم بارە ناهەموارە و هەڵوێستی دوا گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لەلای ڕۆماننوس ئەوەمان پێدەڵێت خودی ڕۆماننووس دەیەوێت ئەو تێگەیشتنەی خۆی کە وەك تاکێکی نێو کۆمەڵگە و وەرگری بیرۆکەکان لە کۆمەڵگە، ئاشکرابکات، کە ئەم بارە لار و ناهاوسەنگەی خاوەن زەوی هێنابویە ئاراوە بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕاستبکرێتەوە. ئەویش بە دروستکردنی هەڵوێستێکی دژ و بەرهەڵستکارانەی جوتیاران بەرامبەر بە ئاغا. بەمەش ململانێی دونیای واقیعی کۆمەڵگەی کوردی و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لە بۆتەیەکی ئەدەبیدا پیشانبدرێتەوە. خودی ئەم تێگەیشتنەی ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەدا دەیخاتەڕوو دواجار بریتییە لە کۆی ئەو تێگەیشتنە گشتییەی کە لە نێو

کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە. ئەمەش ئەو گشتێتییە پیشاندەداتەوە، کە بنەمایەکی کۆمەڵناسیی ڕۆمانە لای گۆڵدمان.

**ئەنجامەکان**

1/ لە هەردوو ڕۆمانی (خاك و چەوسانەوە) و (خاك و کێشەی مان)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)دا، ململانێیەکی بەهێز لە نێوان هەردوو چینی (ئاغا وەك خاوەن زەوی و جوتیار وەك کارکەر لە زەوییەکان)دا دەبیندرێت. بەڕادەیەك ململانێکان لە ئاستێکی پڕ ئاریشە و تونددان و تا ڕادەی دەستدرێژکردن بۆ سەر ماڵ و موڵك و بەکارهێنانی چەندین ڕێگە بۆ پاشقولگرتنی یەکتری و هەڵگیرسانی شەڕیش لە نێوانیاندا.

2/ ناهاوسەنگییەکی زۆری ئابووری و داهات لە نێوان ئەم دوو چینەدا هەیە. ئاغا لە ژیانێکی پڕ ڕەفاهیەتدایە و جوتیار کولەمەرگییە. بەشێکی زۆری ململانێکانیش لەم خاڵەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەردوولا یەکەی بە ئامانجێك دەیانەوێت حەقیقەت بۆ لای خۆیان کێش بکەن. ئاغا دەیەوێت زیادتر و زیادتر تخوبی دەسەڵاتی زەوی و زاری خۆی و ڕێژەی داهاتی خۆی بەرەو زۆرتر ببات و جوتیاریش مەبەستییەتی لەم نێوەدا ئەگەر حەقی خۆشی پێ بەدەستنەیەت هیچ نەبێت لە کولەمەرگی دەربازی ببێت. ئەم جەدەلەش لە نێوان هەردوو کاراکتەرە زاڵەکەی ڕۆمانەکاندا لە نێوان ئەم دوو چینەدا هەستپێدەکرێت.

3/ ئاغا وەك چینی زوڵمکەر لە ڕۆمانەکەدا تەکنیکەکانی فێڵکردن و زرنگی خۆی لە بەرانبەر دڵسافی و ساویلکەیی جوتیاران بەکاردەهێنێت و بە سانایی لەم ڕێگەیەوە بەو ئامانجە دەگات، کە دەست بەسەر موڵك و داهاتی جوتیاراندا بگرێت. بەتایبەتی ئەو کاتەی کە حکومەتی ئینگلیز زەوییەکان دابەشی سەر جوتیارانی گوند دەکات. لێرەوە تەکنیکەکانی فێڵکردن و خۆنواندن وەك براگەورەی ناوچەکە گەشەدەکات و بە سانایی زەوییەکان لە ژێر دەستی جوتیاران دەردەهێنێت.

4/ بەکارهێنانی کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و دینی لەلایەن ئاغاوە بۆ ڕێگەیەك تا شەرعییەت بە پاوەنخوازییەکەی ئاغا بدەن بۆ ئەو مومارەسە داگیرکاری و چەپاندنەی ئاغا بەرانبەر جوتیار دەیکات. لەلایەکی دیکەوە ئەم پێگە کۆمەڵایەتی و دینییە هەندێ کەسی ناوچەکە هەیانبوو، ئاغا دەیکردە ڕێگە و ئامرازێك تا وا لە جوتیارەکان بگەیەنێت، ئەوە ئاغایە شایەنی خاوەندارێتی زەوییەکان و بڕیار و براگەورەیی لە ناوچەکەدا دەکات.

5/ قوڵبوونەوەی ململانێکانی ئەم دوو چینە و زوڵم و زۆرداریی و پاوەنخوازیی چینی ئاغا بەو ڕادەیە، ئاغا جوتیارەکان لەسەر زەوی و گوندەکانی خۆیان دەردەکات، ئەمە دەبێتە دەرچەیەکی تا پەلاماری چەکداری و شەڕی ئەم دوو چینە بێتە ئاراوە و ململانێکانی ئەم دوو چینە بگەنە ئەوپەڕی گرژی و دروشمی بڕوخێ ئاغا لەلایەن جوتیارانەوە بەرزبکرێتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیانەی نێو دونیای واقیع لە ڕۆمانەکاندا ئەم دوو زەینییەتە زیادتر خۆی بۆ ئێمە دەرخستووە.

6/ خودی (عەزیزی مەلای ڕەش)ی ڕۆماننووسیش نەوەی سەردەمی ژیانی فیوداڵی و ئاغا و دەرەبەگییە لە ناوچەی قەراج و کەندێناوەی دەشتی هەولێر، ئەمەش هۆکاربووە تا بە ڕوونی ئەم ململانێیانەی واقیعی کۆمەڵایەتیی ژیانی کشتوکاڵی لەم ناوچەیە بەو زەقییە لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگبدەنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ بە زمانی کوردی:**

1. ئەحمەدزادە، هاشم (2020)، زمان، ئەدەب و ناسنامە، چا. چاپەمەنی مانگ، چ1، بانە.
2. ئەڵوەنی، پ.ی.د. نەجم (2018)، جیهانبینیی نووسەر لە ڕۆمانی (زەنگدانەوە)ی (مەهاباد قەرەداغی)دا، چا. زانکۆی سەلاحەدین، چ1، هەولێر.
3. عەبدولغەفوور، هەژار ئەحمەد (2013)، ڕوانینێکی ڕەخنەییی لە سەر نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
4. گۆڵدمەن، لوسیەن (2008)، کۆمەڵگە، کولتور، ئەدەبیات. و. هادی محەمەدی، چا. ڕۆمان، سلێمانی.
5. مارکس و ئەوانی دی (2006)، فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، و. هادی محەمەدی، چا. شڤان.
6. میسری، فوئاد مەجید (2021)، من نەیاری ڕوانگە بووم، چا. تاران، چ1.
7. مەلای ڕەش، عەزیزی (1998)، خاك و چەوسانەوە، بەرگی یەکەم، چا. وەزرەتی ڕۆشنبیری، هەولێر
8. مەلای ڕەش، عەزیزی (1999)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چا. وەزارەتی پەروەردە، چ1، هەولێر
9. مەنتك، د. حەمە (2021)، ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی، چا. سەردەم، چ1، سلێمانی.
١٠. یاسین، عوسمان (1999)، بونیادگەریی پێکهاتوویی، چا. زانکۆی سەلاحەدیین/ هەولێر، چ1، هەولێر.

**دووەم/ بە زمانی فارسی:**

١. اسکندری، مریم (1394)، بررسی جامعه شناختی اثار منصوریاقوتی، (رمان دهقانان، چراغ بر فراز مادیان کوه وزیر افات) بر اساس نقد تکوینی، پایان نامه، دانشگاه الزهرا(س).
٢. اصفهانی و شمعی، محمد رضا نصر و میلاد (1388)، نقد جامعه شناختی رمان (جای خالی سوچ)، مجله علمی پژوهشی (جامعەشناسی کاربردی، دانشگاه اصفهان" سال بیستم، شماره چهارم، زمستان.
٣. برهمند، حانیه (1395)، نقد و بررسی رمان های بلقیس سلیمانی (بر اساس نظریات گلدمن و لوکاچ)، پایان نامه، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
٤. تادیه، ژان ایو (1390)، نقد ادبی در قرن بیستم، مترجم. مهشید نونهالی، چ2، انتشارات نیلوفر، تهران.
٥. زارافا، میشل (1386)، جامعەشناسی ادبیات داستانی(رمان واقعیت اجتماعی)، مترجم. نسرین پروینی، انتشارات سخن، تهران.

٦. عسگری، ازاده (1394)، نقد جامعه شناختی رمان (السکریه) اثر (نجیب محفوظ) از دیدگاه (لوسین گلدمن)، پایان نامه، دانشگاه بین المللی امام خمینی.
٧. لوکاچ، گئیورگ (1391)، رمان تاریخی، ت. شهلا فیلسوفی، چ1، چا. نشر اشاره، تهران .
٨. مختاری، مسروره (1398)، تحلیل محتوایی رمان اتش به اختیار اثر محمد رضا بایرامی براساس جامعه‌شناسی رمان (جورج لوکاچ) و (لوسین گلدمن)، مجله ادبیات و پژوهش های میان رشته‌ای، علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، دوفصل نامه علمی، شماره اول، بهار و تابستان.

**سێیەم/ بە زمانی عەرەبی:**

١. بوتور، میشال (1982)، بحوث فی الروایة الجدیدة، ت. فرید انطونیوس، منشورات عویدات، ط2، بیروت.
٢. حافظ، صبری (1983)، الروایة شكلا أدبیات ومؤسسة اجتماعیة، مجلة: النقد الأدبیة، المجلد الرابع، ع1، امتوبر- نوفمبر- دیسمبر.
٣. فرح و عبدالجواد، ا. د. محمد سعید و ا. د. مصطفي خلف (2009)، علم اجتماع الادب، دار المسیرة للنشر والتوزیع وااطباعة، عمان.
٤. یاسین، السید (1991)، التحلیل الاجتماعی الادب، مکتبة مدبولی، القاهرة.

---

## The Conflict of The Nobleman and The Peasant" In Azizi Malay Rash's Novel "Land, Oppression, Land and The Problem of Existence" A Reading That Follows Lucian Goldman's Principle of Universality

**Asst. Lect. Barzan Ali Pirot**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.
barzan.pirot@uor.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Hazhar Ahmad Abdulghafur**
Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, University of Soran, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

***Keywords:*** *conflict, universality, the sociology of novel, Goldmann, oppression and land, the problem of existence and land.*

## Abstract

This paper is entitled "The Conflict of the Nobleman and the Peasant" and focuses on Azizi Malay Rash's novel "Land, Oppression, Land and the Problem of Existence," using Lucien Goldman's universality principle in novel sociology as its basis. Its objective is to examine the relationship and conflict between the nobleman and the peasant classes, to provide insight into the sociological characteristics of Kurdish society, and to create an opening to the sociology of Kurdish novels. The central hypothesis of this study is that the struggle between the nobleman and the peasant classes, as the landowner and the worker respectively, is deeply embedded in these two novels and is an extension of the conflict between these two classes in Kurdistan's agricultural areas.

Descriptive analysis is the method used in this study, beginning with a discussion of Goldman's sociological perspectives and his views on the sociology of the novel. The paper also explores the universality principle in both novels as a sociological issue and examines its associated problems. Then, the paper analyzes the conflict between the nobleman and the peasant classes in the two novels, guided by Goldman's ideas. Finally, the paper presents its conclusions, highlighting the significant conflict between the nobility and the peasantry as two common social mentalities.

---------------------------------------------------------------

## صراع (النبيل والفلاح) في رواية (الأرض والاضطهاد والأرض ومشكلة البقاء) للكاتب عزيز ملاي رش، قراءة مبنية على مبدأ العمومية لـ(لوسيان غولدمان)

### ملخص

في هذه الدراسة الموسومة: صراع (النبيل والفلاح في رواية (الأرض والاضطهاد و الأرض ومشكلة البقاء) للكاتب عزيز ملاي رش، قراءة مبنية على مبدأ العمومية لـ(لوسيان غولدمان). تمت المحاولة بالاعتماد على مبدأ العمومية في علم الاجتماع لرواية لوسيان غولدمان، بإلقاء الضوء على العلاقة

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

والصراع بين هاتين الطبقتين، ومن خلاله تم عرض بعض المعلومات عن الخصائص الاجتماعية للمجتمع الكوردي ومدخلا لعلم الاجتماع الروائي الكوردي. إن الفرضية الرئيسة في هذه الدراسة هي: صراع الطبقتين: النبيل كصاحب الأرض، والفلاح كعامل في هذه الأراضي، فالصراع بينهما في مستوى عميق في الروايتين، وهذه نتيجة ممدودة لذلك الصراع الموجود بين الطبقتين في الواقع الاجتماعي للمناطق الزراعية الكوردستانية.

إن هذه الدراسة التي اعتمدت المنهج الوصفي التحليلي، حاولت في البداية عرض الآراء الاجتماعية لغولدمان مع علم الاجتماع الروائي لديه، ثم عرض مبدأ العمومية من وجهة نظر غولدمان كمسألة وموضوع اجتماعي روائي للنقاش، وإبراز الصراع بين هاتين الطبقتين (النبيل والفلاح) ومشاكلهما، وفي الجانب التطبيقي للدراسة وفي ضوء آراء غولدمان، تم تفسير صراع الطبقتين (النبيل والفلاح) في كلتا الروايتين. وفي الختام تم عرض النتائج، ومن أهمها نشير إلى الصراع البارز في الرواية بين رؤيتين اجتماعيتين شائعتين، وهما طبقة النبلاء والفلاحين.